# جیاکردنەوەی ژنان لە گەڵ کچاندا لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا

**(سەفەرێکی هەزار کیلۆمەتری باشترە تا وەکو خوێندنەوەی هەزار پەرتوک)**



عبدالرحمن محمد(مەلا رحمن)
rahman_awarekan@hotmail.com

ئەم ناونیشانە، ناونیشانی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکی هۆلەندیە ،بۆ بەراورد کردنی جیاوازیەکان لە نێوان کۆمەڵگاکاندا ،هەر جارەی لە سەر بابەتێک و گۆشە نیگایەکی دیاریکراوەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو دیاردانەی کە لە گەڵ شارستانیەت و ژیانی مرۆڤایەتی ئەمڕۆدا ناگونجێت .بە ڕاستی ئەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵیک دورکەوتبێتەوەو لە ئەوروپا ژیان بە سەرببات مەئسات و کوێرەوەری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە ڕادەیەک دەبینێت کە گیرۆدەی دەسەڵاتێکن دەڵێی خویندەواریان تێدا نیە،بۆیە ویستم منیش لە سەر ئەو شێوازە، یاساو سیاسەت و کەلتورو داب و نەریتێک کە پاشماوەی چاخە کۆنەکانە بخەمە تەرازووی بەراوردەوە.



کێشەی ژنان کێشەیەکی زیندوی کۆمەڵگای ئێمەیە کە ڕۆژانە سەدان ڕوداوی دڵتەزێنی لێ دەبێتەوە،ژنان بونەتە تاقیگەی دەسەڵات و سیستمە جیاجیاکان لە وڵاتانی ئێمەدا ،پێش هەموو شتێک شێوەی دەسەڵات لە سەروشکلی ژناندا ڕەنگدەداتەوە ، پێش هەموو شتێک لەچکی لە سەر دەکات ، لە قوتابخانەکان کچان و کوڕان جیا دەکاتەوە ، بەشداری پەرلەمان و دەسەڵاتیان دەکەن جارێکی تر دەریان دەکەن ،ئیتر سەدان ئەبێت و نابێت ،مۆدێلی جل و بەرگەکانیان لە گەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسیەکاندا گۆڕانی بە سەر دێت، بۆ پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانیان لە گەڵ ڕژێمە مەزهەبی و کۆنەپەرستەکاندا و ڕازی کردنی دڵیان دەبێت کۆمەڵێک یاسای دژە ژن ئیمزا بکەن.

یەکێک لەو یاسا دژە ژنانەی کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری لە سەر داوە، جیاکرنەوەی ئەو ژنانەیە کە شویان کردوەو لە گەڵ کچاندا بە ڕۆژ دەخوێنن دەبێت لە قوتابخانەی ئێواران بخوێنن، لە سەر هۆکارێکی زۆر بێماناو نا مەعقول و کۆنەپەرستانە کە بەڕاستی جێگەی شەرمەزاریە کە لە سەردەمێکی وەک ئەمڕۆدا ڕویداوە،ئەویش لە بەر ئەوەی ئەو ژنانەی شویان کردووە باسی پەیوەندیە جنسیەکانیان دەکەن کە لە گەڵ مێردەکانیان دەیکەن بۆ کچانێک کە شویان نەکردوە،بە راستی ئەم بڕیارە

دەیەویت سەردەمانێکمان بیر بخاتەوە کە تا شەوی بوکێنی کچ و کوڕ(بوک و زاوا) نابێت یەک ببینن ،کاتێک فلیمێک مەقتەعێکی سیکسی تیادا بێت دەیبڕن و دیمەنێکی هاوینەهەوارەکان دەخەنە سەری، بەڵێ ئەوەی ئێسلامیەکان لە هەڵەبجە بۆیان ئەنجام نەدرا ئێستا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم ئەنجامی دەدا،لە هەلەبجە کابرایەکیان گرتبو لە سەر ئەوەی مانگاکەی لە سەر جادە کەلی گرتبوو، گوتبیان زەوقی جنسی بەرزدەکاتەوە(گەر وا بڕوات شەرواڵ دەکەنە پێی ئاژەڵ)بە راستی ئەم بڕیارە ئەوەندە ناشارستانی و دژە ژنە کە دەتوانرێت ببێتە پێوەرێک بۆ گەرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو دواوە ،کاتێک دەڵێن هەست کردن بە کێشە نیوەی چارەسەرە،بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا خەریکە چارەسەرەکان لە دەست دەدەین!!!!!!!!! تا ئەوەی وەرگێرانی ئەو  سەرچاوەو نوسراوانەی لە سەر جنس بوەتە شتێکی عەیب .خۆلادان لەو باسە بوەتە هۆی دروست کردنی دەیان کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی کە لاوانی کچ و کوڕ پێوە دەناڵێنن ،وە هەروەها پیرە-هەرزەکارەکانمان،هەر تەماشای دەوروبەری خۆت بکە بزانە چەند پیری هەرزەکاری خاوەن پارەو خاوەن دەسەڵات بونەتە خاوەنی چەند ژنەو ،وە هەروەها جیاوازیەکی گەورەی نێوان تەمەنیان ،کەواتە جنس سەیتەرەی کردە سەر عەقڵ و هۆش،ئەویش لەو کەبتە جنسیەوەیە کە ئەمڕۆ یاسای بۆ دادەرێژن.یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبونەوەی ڕادەی تاوان لە وڵاتانی خۆرئاوادا دەتوانم بڵێم ئازادی ژنە، هەر ئەو دەیان هەزار ژنەی کە لە سەر ناموس پەرستی کوژراون پێوەرە بۆ کۆمەڵگایەک کە خۆشەویستی و جنس لە نێوان کجان و کوراندا وجودی هەیە ،وەزارەتی پەروەردە بۆ چارەسەری ئەو واقعە(من ناڵێم کێشە)،دەبێت بەرنامەی پێشکەوتوخوازانەی پێ بێت ،دەبێت خۆشەویستی نێوان کچان و کوران بە ڕەسمی بناسیت،دەبێت جێگەی نیشتەجیبونیان بۆ دابین بکات ،دەبێت خەرجی زەواجیان بۆ دابین بکات،پاراستنی ئەمنیەتی کچان و کوڕانی دڵخواز ،هۆشیاری جنسی وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تر بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ فەراهەم بکریت.

لە گەڵ دەرکردنی هەر بڕیارێکی دژە ژن هەزاران ژن ملیان دەکەوێتە ژێر چەقۆی پیاو سالاری و ناموس پەرستی .

ئەو هەزاران کیلۆمەترەی کە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم دەیبڕێت، با بەرەو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان بێت، نەک بەرەو ئەو کۆمەڵگایانەی، کە دەسەڵاتێکی ڕەشی مەزهەبی بە سەریاندا سەپاوە.